هێزی ئاسمانی عێراقی تەمارکردنی ئێلیکترۆنی بۆ سەرجەم گۆشتەکانی دەستپێدەکات

عەبدولڵەزاق محەبس سەعداوی وەزیری گواستنەوەی عێراق ڕێنمایی نوێی بۆ کۆمپانیای گشتی هێزی ئاسمانی عێراقی دەرکرد، کە خزمەتگوزاری تەمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ تکتی گەشتکردن لە گەشتەکانی هێزی ئاسمانی نیشتمانیدا بۆ دەرەوەو و ناوخۆی وڵات دەستپێبکەن. عەبدولڵەزاق محەبس سەعداوی لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، وەزارەتەکەیان ئەمڕۆ خزمەتگوزاری تەمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ تکتی هێزی ئاسمانی عێراقی دەستپێکردووە، بە ئامانجی ئاسانکاری پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیاران و دورکەوتنەوە لە کێشەی ڕێتینی و تەمارکردن لە فەرمانگەکانی دەرەوە دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ ڕاگیرابو.

وەزیری گواستنەوەی عێراق، ئەو ئەم خزمەتگوزارییەی بە هەنگاوێکی گرنگ وەسفکرد بۆ هاوسەنگ بون لەگەڵ گەشەسەندنی جیهانی لە بواری فڕکەوانی مەدەنیدا.

لەلای خۆشیەوە، مەناف عەبدولمونعم بەڕێوەبەری کۆمپانیای گشتی هێزی ئاسمانی عێراقی دوپاتیکردەوە، ئەم خزمەتگوزارییە تەنگە بە کێیاران دەدات بە ئاسانی ناوی خێیان تەمار

بکەن لەگەی چونە ژورەوەی ئاستەوخۆ بۆ ماپەکەیان و هەبژاردنی شوێنی مەبەست و دانانی وادە بەشێوەیەکی ئاسان. وتیشی، "میکانیزمی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە گەی کارتی قیزە و ماستەرکاردەوە دەبێت بۆ سەرجەم تکتی گەشتەکانی رێیشتن و هاتنی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات".